# زەمەن

((زەمەن..بەردەوامەو، ئێمەش بەردەوام دەبین.....))



ساتەکانی زەمەن

لە زانی یەکتردان،،

بۆ بەزینی یەکترو...
من و تۆش



لە زار هەڵدانی زانێکی تردائین..
بۆ بردنەوەی یەکتر.....
لە چۆراوگەی ئەوزان و
بردنەوەش دا...
چۆڕ، چۆڕ زامی چۆڕانەوەیەکی
پڕترو،
چریکەیەکی چڕتر،
بۆهێورکردنەوەی ساتاکان..
هێدی،هێدی... دەچڕێنینەوە..
دەزانم لە چۆڕانەوەم دا
چۆڕانەوەت دەست پێ دەکات...
لە چۆڕانەوەی تۆش دا،
چۆڕاوگەیەک لە چاوەڕوانی کەناربوونم
بەرەو سەفەرێکی شێتی و،
کەنار بوونەوە...
هێور هێور بە ناویەکتردا کەنار دەبێتەوە
سەردەمانێکە.. دادەچۆڕێین و

له حه‌یران بوونی یه‌کتردا،
حه‌یران و سه‌رمه‌ستی حه‌یرانێکی
داچۆڕانی ئه‌به‌دی یه‌کترین.....



من وتۆ قه‌ده‌رێکه‌....
له قه‌ده‌ر یاخین و
له ململانێ ی ئیراده‌به‌زینی،
ئیراده‌ی یه‌کترین....
به‌ڵام کام ئیراده...ئیراده‌ی به‌زان،،
ئیراده‌ی دۆڕان......
ئیڕاده‌ی به‌زانی تۆ
یان ئیراده‌ی دۆڕانی خۆم
من به دۆڕانی تۆ
خۆ به‌به‌زیو ده‌زانم
من به‌سه‌رکه‌وتنی تۆ،
خۆم به سه‌رکه‌وتوو ده‌زانم...
ئه‌و فه‌زایه‌ی له نێوان بوونمان دایه،
بازاڕی رێکه‌وتێ نی یه...
فه‌زای فه‌نابوونی ئه‌و مرۆیانه‌یه،
له گه‌رووی هه‌ناسه‌دانیان دا...

بخورێک لە خۆشەویستیی...
هەڵدەفڕێت...
لە ناو تەم تومانی ئەو بخورەشدا،
کە نەکۆخەی زەرەر دێنێت...
نەپژمینی قازانج هەڵدەهێنێت..
ئەی تۆ، ئەی من، ئەی زەمەن....
ئەی هەموو ئەوانەی دەبن بەتۆو،
ئەوانەش دەبن بەمن و،
من و تۆش دەبین بە قەدەرێکی
بێ ئیرادەی دەستەمۆی زەمەن....
زەمەنێکی هاوتا نەبوونی
من و تۆ
زەمەنێکی بێ بەهابوونی
ڕەهاکانی من و تۆ
زەمەنێکی بە باکردنی شتەکانمان،
شتە پڕڕۆح و زیندووەکان...
بەڵام... مەحاڵە من و تۆ عاشق بین...
ئەگەر قەدەری زەمەن،
لە هەولێکیدا، ویستی..
ئیرادەی بەسەرئیرادەی بەزیوی من وتۆدا،
سەرکەوێت...
ناڕەوایە بەبێ ئیرادە عیشق بکەین
بۆ ئەوەی گرەوی دۆڕانمان
بخەینە دەست وئەستۆی زەمەن.

شوان عوسمان
هۆلەندە-دێلفت-2007